ژمارە (408)   سێشەممە 2016/7/19   28ی پووشبەڕ - 2716   (500) دینار
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕوداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات
WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی



تۆڕی هەواڵی ئیکۆدیاریۆ: لیۆنێل بە خێرایی دەچێتە ڕیال مەدرید

## مێسی وەڵامی تەلەفۆنی مارادۆنا ناداتەوە

ڕووداوی وەرزشی - CNBC

تۆڕی هەواڵی ئیکۆدیاریۆی ئیسپانی، دەڵێت «لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی، ڕیزەکانی یانەی بارسێلۆنا جێدەهێڵێت و بە خێرایی دەچێتە ڕیزەکانی یانەی ڕیال مەدریدی ڕکابەری». دییێگۆ مارادۆنای ئەفسانەی ئەرجەنتینیش دەڵێت «مێسی وەڵامی تەلەفۆنەکەم ناداتەوە».

تۆڕی ئیکۆدیاریۆ، پێشبینی دەکات مێسی لە ڕیزەکانی بارسا بڕوات و باس لەوە دەکات کە ڕیال مەدرید لە نزیکەوە چاوی خستووەتە سەر ڕەوشی لیۆ لە بلاوگراناو نووسیویەتی «لەوانەیە ڕیال مەدرید بە دەستەوارەیەکی بە خێرایی، واژووی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا بەدەستبێنێت».

مارادۆناش بە تۆڕی هەواڵی ASBی ئەمریکی ڕاگەیاند کە مێسی وەڵامی تەلەفۆنەکەی ناداتەوەو گوتی «چەندینجار تەلەفۆنم بۆ مێسی کردووە، وەڵامم ناداتەوە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵمداوە قسەی لەگەڵ بکەم، بیبینم تەلەفۆنەکەی دەشکێنم». هەروەها مارادۆنا گوتیشی «ئەو لە پشوودایە، کاتی ئەوەی هەیە تەلەفۆنەکەم وەڵام بداتەوە». لەلایەکی دیکەوە ستیڤ ماکمانامانی ئەستێرەی پێشووی ڕیال مەدرید، جەماوەری یانەی شاهانەی تووشی شۆک کرد، کاتێک لە لێدوانێکدا گوتی «کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ نازناوی یۆرۆ بباتەوەو نەباتەوە هەرگیز ناگاتە ئاستی مێسی». هەروەها گوتیشی «مێسی نەک لە ڕۆناڵدۆ لە مارادۆناش باشترە، باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێداو هەمووان ئەو ڕاستییە دەزانن».

ل3

پزیشکێک: ئەگەر بەیڵ لە ڕیال مەدرید بمێنێتەوە ناچار دەبێت واز لە یاریکردن بێنێت.

# بەیڵ لە مەترسیدایە

## "هەژموونی ڕۆناڵدۆ بەیڵی بچووک کردووەتەوە"

3



LOTTO

براوەکانی 48ەمین پێشبڕکێی لۆتۆی (ڕووداوی وەرزشی):
1 ـ عەبدوڵڵا ئیبراهیم عەلی. 2 ـ ئاری عەبدوڵڵا عەزیز.
3 ـ ڕێژنە یاسین عومەر. 4 ـ محەممەد غازی حەمەد.
5 ـ ڕاوێژ وریا شەمسەدین.

8

بەر لە گواردیۆلا لە مانچستەر ستی کەس بە کەس نەبوو



7

ئەگەر دەتەوێ ببیتە ڕۆناڵدۆ بە 5 هەنگاو دەتوانی



4

ڕۆماریۆ دەبێتە سەرۆکی بەرازیل



6

## ئەندریا پێرلۆ: نەفرەت لە هەموو شتێک

5

لەبەرئەوە هەرگیز یاری بۆ یانە کۆنەکەی ناکاتەوە..

# دیدار دڵی لە یانەی هەولێر شکاوە



**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

دیدار حامد، گۆڵپارێزی پێشووی یانەی هەولێر بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند هەرگیز جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە یانەی هەولێر و گوتی «دڵم لەو یانەیە شکاوە، برە پارەیەکیشم لای یانەی هەولێر ماوەو هێشتا وەرم نەگرتووەتەوە».

دیدار حامد، گۆڵپارێزی ئێستای یانەی ئارارات و برایەتی بەشدار لە هەردوو خولی نایابی کوردستان و عێراق، کە ئێستا لەگەڵ یانەی برایەتی سەرقاڵی ئەنجامدانی یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینە لە شاری بەغداد بۆ گەیشتن بە خولی نایابی عێراق، هەرچەندە نیازی ئەوەی هەبوو بگەڕێتەوە ریزەکانی یانەی هەولێر هەر کاتێک ئەو یانەیە پێویستی بە تواناکانی ئەو هەبێت، بەڵام وادیارە ئەو بۆچوونەی دیدار گۆڕاوەو ئێستا ئامادە نییە بەهیچ شێوەیەک بگەڕێتەوە یانەی دایک.

دیدار حامد، لە رێگەی (رووداوی وەرزشی)یەوە گلەیی لە یانەی هەولێر دەکات و دەڵێت «دڵم لە یانەی هەولێر شاکاوە، جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە ریزی یانەی هەولێر». هەروەها گوتیشی «زەحمەتە جارێکی دیکە بگەڕێمەوە یانەی هەولێر، ئێستا بەدەست قەیرانی داراییەوە دەناڵێنێت، یاریزانانی دەچنە یانەکانی دیکە». ئەو یاریزانە کۆنەی یانەی هەولێر، رەخنە لە بەرپرسانی یانەی هەولێریش دەگرێت و بە هۆکاری کێشەکانی یانەی پایتەختیان دەزانێت «بەداخەوە کاربەدەستانی یانەکە رۆحیان گەورە بووە، لە دەرەوە سڵاویش لە یاریزانانی پێشووی تیپەکەیان ناکەن، کە رۆژانێک زۆر بە یانەکەوە ماندووبوونە، بەڵام ئەوان رێزی ماندووبوونی یاریزانان ناگرن، خۆیان بە گەورە دەزانن، وا دەزانن تەنیا خۆیان هەن». ئەو گۆڵپارێزە زیاتر رەخنەی لەو بەرپرسانەی یانەی هەولێر گرت و گوتی «ئەگەر ئەوان لەم شوێنە بن، ئەوا بێگومان لە سایەی ئێمەوە لەوێ بەردەوامن، بەداخەوە کە یانەی هەولێر لەسەر هیچ بنەمایەک کاری نەدەکرد، بۆیە چارەنووسی بەم رۆژە گەیشت».

## «بەرپرسانی یانەی هەولێر سڵاوم لێناکەن نەوەک بڵێم پارەکەم بدەنەوە»

## «یانەی هەولێر لەسەر هیچ بنەمایەک کاری نەدەکرد، بۆیە چارەنووسی بەم رۆژە گەیشت»

لەبارەی ئەو برە پارەیەی لای یانەی هەولێری ماوە، دیدار گوتی «نزیکەی 65 بۆ 75 ملیۆن دینارم لای یانەی هەولێر ماوە، هەر سڵاویشم لێناکەن نەوەک بڵێم پارەکەم بدەنەوە». هەروەها گوتیشی «ئەگەر ئیدارەی هەولێر باسی ئەوە بکات بڵێت پارە نییە، ئەی باشە کاری ئەوان چییە؟، منیش دەتوانم لەسەر کورسی دانیشم، پارە هات پێیان بدەم و پارە نەهات نەیاندەمێ، خۆ خەڵک ناهێت لە دەرگات بدات و پارەت بداتێ، دەبێ خۆت بچیت لە دەرگا بدەیت و پارە پەیدا بکەیت. ئەندامێکی دەستەی کارگێڕی یانەی تەڵەبەی عێراقی خانووی خۆی بۆ یانەکەی فرۆشت، تاوەکو پارەی پێویستیان بۆ هات ئەوکات خانوویان بۆ کڕییەوە، با دەستەی کارگێڕی یانەکە بە راشکاوی بڵێن ئێمە پێمان ناکرێ، با کەسانی دیکە بێن کارەکان بەڕێوەببەن».

دیدار حامد، لە بارەی ئەو دوو یانەشەوە کە ئێستا یارییان بۆ دەکات، گوتی «ئێستا من یاریزانی یانەی برایەتی و ئاراراتم لە هەردوو خولی نایابی عێراق و کوردستان، بۆیە ئەگەر یانەی برایەتی سەرکەوێت بۆ خولی عێراق بەردەوام دەبم لەگەڵیدا».

دیدار حامد، ئەوەی بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد کە گرێبەستێکی لە یانەیەکی دیکەوە بۆ هاتووە، بەڵام پێیوایە هێشتا کاتی ئاشکراکردنی ناوی یانەکە نەهاتووە «لەلایەن یانەیەکەوە گرێبەستێکم پێشکەشکراوە، بەڵام هێشتا فەرمی نییە، بۆیە نامەوێ هیچ شتێک لەبارەوە بڵێم».

کارمەندێکی (رووداو) کردوویەتی بە کوردی..

# یەکەم کتێبی کوردی لەسەر مۆرینیۆ بڵاوکرایەوە

**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**



ئەرسەلان عەبدوڵڵا، بێژەر و پرودیۆسەر لە تۆڕی میدیایی رووداو، بووە یەکەم کەس کتێبێک لەسەر خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری بەناوبانگی پورتوگالی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و لە هۆڵی ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر، کۆنگرەی رۆژنامەڤانی کتێبەکە، کە بەناونیشانی «خۆزێ مۆرینیۆ، بنەماکانی سەرکەوتن و نهێنییەکانی دژایەتیی بارسیلۆنا»یە، بەڕێوەچوو.

لە کۆنگرەکەدا، کە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرسی وەرزشیی و میدیاکاران بەڕێوەچوو، ئەرسەلان عەبدوڵڵای رۆژنامەنووس تیشکی خستە سەر کتێبەکەو باسی لە بایەخی کتێبەکە بۆ خوێنەرانی کوردزمان کرد، بەتایبەتی راهێنەران و وەرزشوانانی کوردستان، کە دەتوانن لە رێگەی خوێندنەوەی کتێبەکەوە سوود لە ئەزموونی ژیانی مۆرینیۆ وەربگرن و هەروەها بە نهێنیی سەرکەوتنەکانی ئاشنابن، جگە لەوەی بەشێکی کتێبەکەش تایبەتە بە نهێنیی دژایەتیکردنی یانەی بارسیلۆنا لەلایەن ئەو راهێنەرەوە.

ئەرسەلان عەبدوڵڵا، لەبارەی ئەو کتێبەوە، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «کتێبەکە، کە ئێستا کەوتووەتە بازاڕ و کتێبخانەکانی کوردستانەوە، لە 192 لاپەڕە پێکهاتووە، بەرگێکی سەرنجراکێشی هەیەو لە چەند بەشێک پێکهاتووە». ئەو وەرگێڕ و کارمەندەی تۆڕی میدیایی رووداو، لە کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەدا باسی ئەوەیکرد «ئەم کارە درێژەپێدەری هەنگاوی نووسەر و میدیاکارانی دیکەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمی وەرزشی، چونکە کتێبخانەی کوردی لە بەرهەمی وەرزشیدا هەژارە». هەروەها گوتی «ئەمە کردنەوەی دەرگەیەکی دیکەیە بۆ هەوڵدان بۆ نووسینەوەی مێژووی وەرزشی کوردستان و بە ئەرشیفکردنی سەرکەوتنەکانی وەرزشی کوردستان، بەتایبەتی بۆ نەوەی ئێستا و داهاتوو».

ئەرسەلان، زیاتر لەبارەی کتێبەکەیەوە بۆ (رووداوی وەرزشی) قسەی کردو گوتی «کتێبەکە، کە بە چاپی 100 دانە لەلایەن کۆمپانیای گۆڵدن بووکەوە بڵاوکراوەتەوە، لە چەند بەشێک پێکهاتووە، لەوانەش مۆرینیۆ کێیە، گەنگەشەی هێزی وشەکانی و کاریگەرییەکانی، چەتەکانی مۆرینیۆ، ژیان لە دەرەوەی سندوق، دەستکەوتەکانی و کاریگەری دەروونی لە میانەی رێچکەکەیدا، نهێنیی دژایەتی یانەی بارسیلۆنا" هەروەها گوتیشی «کتێبەکە لە چەند بەشێکی دیکەش پێکدێت، وەک گفتوگۆی میدیاو پەیوەندی بە مۆرینیۆ و کارێزماکەی، نهێنییەکانی سەرکەوتنی راهێنەرە پۆرتوگالییەکەو چەندین بابەتی دیکە».

وەرگێڕی کتێبەکە، کە هاوکارێکی بەردەوامی (رووداوی وەرزشی)یە، لە کۆتایی کۆنگرەکەیدا گوتی «کتێبەکە یەکەم هەوڵی منە، پێمباشبوو بەم شێوازە دەستپێبکەم، ئامانجی گەورەشم دروستکردنی کلتوری خوێندنەوەیە لای وەرزشوانان، کە کارێکی گرنگە لە رێگەی خوێندنەوەوە وەرزشوانان ئاشنای رۆشنبیریی وەرزشی بکەین».

بێ پارەیی زاخۆ دەگەڕێنێتەوە لای یاریزانانی کورد..

# یانە دەوڵەمەندەکەی کوردستان خۆبەدەستەوە دەدات

## سکرتێری یانەی زاخۆ: یانەکەمان زیاتر لە 2 ملیار دینار قەرزارە

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ زاخۆ**

سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند ئەمساڵ یانەکەیان جیاواز لە ساڵان پشت بە یاریزانانی کوردی شارەکانی کوردستان دەبەستێت و لەبەر بێ پارەیی یاریزانانی پیشەگەر ناهێنێت و گوتی «پارەیەکی رەمزی وەک گرێبەست دەدەینە یاریزانان».

یانەی زاخۆ، کە بە یانە دەوڵەمەندەکەی کوردستان ناسراوە، ئەمساڵی زۆر جیاواز دەبێت لە ساڵانی پێشوو، کە ساڵانە چەندین گرێبەستی لەگەڵ یاریزان و راهێنەری پیشەگەر دەکردو کەمپی مەشقی لە دەرەوەی وڵات دەکردەوەو برە پارەیەکی زۆری بۆ تیپی تۆپی پێی یانەکەیان تەرخان دەکرد، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی عێراق. ئەمساڵ یانەی زاخۆش چووە ریزی یانەکانی دیکەی کوردستان و لەبەرامبەر قەیرانی داراییدا خۆی بەدەستەوەدا، چونکە وەک بەرپرسانی ئەو یانەیە بە (رووداوی وەرزشی)یان راگەیاند «ئەمساڵ ناتوانین پشت بە راهێنەر و یاریزانی عەرەب و پیشەگەری بیانی ببەستین، چونکە برە پارەیەکی زۆر قەرزارین». هەروەها دەشڵێن «ئێمەش پلانی پشت بەستن بە یاریزانی کورد تاقی دەکەینەوە».

خەلیل ئەحمەد، سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ، لەو بارەوە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوو پشتمان بە یاریزانانی کورد بەستووە، بەهۆی ئەو قەیرانە داراییە سەختەی بەرۆکی وەرزشی کوردستانی گرتووە، تەنیا بۆ ماوەی یەک وەرز گرێبەستمان لەگەڵ حوسام حەمەدی راهێنەری یانەی کەرخ مۆرکردووە لەگەڵ ستافی راهێنەران، کە پێکهاتوون لە هەریەک لە ئەحمەد والی و جەمیل مەحموودی راهێنەری گۆڵپارێزان».


لەبارەی گرێبەستی ئەم راهێنەرانەش، خەلیل ئەحمەد گوتی « ئەوان داوای هیچ پارەیەکیان لە یانەی زاخۆ نەکردووە، هەر شەرمیان کردووە باسی پارە بکەن، لەسەر کاخەزی سپی گرێبەستیان مۆرکردووە، بەڵام بە ئێمەیان گووتوە مەغدوورمان مەکەن و ئێمەش دەمانەوێ خزمەتی یانەی زاخۆ بکەین».

سکرتێری یانەی وەرزشیی زاخۆ، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە رووی یاریزانانەوە ئەمساڵی یانەکەیان جیاواز دەبێت، چونکە وەک خۆی گوتی «ئەمساڵ ناچارین بەتەواوی پشت بە یاریزانانی کوردی خۆمان ببەستین، هەوڵدەدەین بەبێ جیاوازی لە سەرجەم شارەکانی کوردستان یاریزانی باش بێنینە ریزەکانی یانەکەمان، ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی یانەی زاخۆیە بە یاریزانانی خۆماڵی و پشتبەستن بە کوڕانی کوردستان».

ئەو بەرپرسەی یانەی زاخۆ، ئەوەی نەشاردەوە کە لە بەرنامەیاندایە تەنیا 3 یاریزانی عەرەب بهێننە ریزەکانی یانەکەیان، بۆ ئەوەی هاوشانی یاریزانانی کورد تیپێکی بەهێز پێکبێنن و گوتی «لە بەرنامەماندایە تەنیا 3 یاریزانی عەرەب بهێنینە ریزی تیپەکەمان بۆ بەهێزکردنی زیاتری تیپی تۆپی پێی یانەی زاخۆ، بەڵام ژمارەیەک یاریزانانی کوردستانیشمان هێناوە لە یانەکانی دیکەی کوردستان، گرێبەستی ئەوانیش گرێبەستی تا رادەیەک رەمزییە و بەشی یەکەمی گرێبەستەکانیش لەلایەن سەرۆکی یانەکەمان دابین دەکرێت و پێیان دەدرێت، لە راستیدا وەک سەرجەم یانەکانی دیکەی کوردستان هیچ گرێبەستێکی گرانبەهامان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە یاریزانانی خۆمان پێش دەخەین».

لەبارەی قەرزەکانی یانەکەش، خەلیل ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە یانەی زاخۆ زیاتر لە 2 ملیار دینار قەرزارە و تاوەکو ئێستاش هیچ برە پارەیەکی نەداوەتەوە، بۆیە ئەمساڵ دەست بە پارەوە دەگرێت و پشت بە زۆر لە یاریزانانی شارەکەی دەبەستێت، بۆ ئەوەی پارەی کەمتر لە وەرزی رابردوو سەرف بکرێت.







ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێك بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێك کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێك دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com



## گرانترین ئیمزا

ئیمزایەک کە تەنیا 2 چرکەی پێویستە، 15 ملیۆن یۆرۆ بۆ لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بەدەستدێنێت. ئەویش لە ڕێگەی کۆمپانیای هواوی تایبەت بە بەرهەمهێنانی ئامێری مۆبایلە، کە بۆ ماوەی 3 ساڵ گرێبەستێکی لەگەڵ مێسی مۆرکردووە، بەپێی ئەو گرێبەستە کۆمپانیاکە ئیمزای مێسی لەسەر پشتی ئامێری مۆبایلەکانی دادەنێت و دەفرۆشێت، کە پێشبینی دەکرێت بەهۆی ئەو ئیمزایەی مێسییەوە فرۆشی ئەو مۆبایلە چەند ئەوەندە زیاد بکات و کۆمپانیاکە قازانجێکی زۆری دەستکەوێت.

زەنگی مەترسی لە بارسێلۆنا لێیدا..

# مێسی بە خێرایی دەچێتە ریال مەدرید!

**ئۆلێی ئەرجەنتینی:** بۆچی پورتوگال یۆرۆ دەباتەوە ئەرجەنتین کۆپا ناباتەوە؟ لە کاتێکدا بێجگە لە ڕۆناڵدۆ یەک یاریزانی پورتوگال بۆ ئەوە دەستنادات لە پێکهاتەی سەرەکی ئەرجەنتیندا یاریبکات

ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

تۆڕی ئیکۆدیاریۆی ئیسپانی، بۆمبێکی گەورە دەتەقێنێتەوەو باس لەوە دەکات کە ئەوەی کەس پێشبینی نەدەکرد ڕوودەدات و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنا جێدەهێڵێت و بە خێرایی دەچێتە ڕیزەکانی یانەی ڕیال مەدریدی ڕکابەری.

ئەو تۆڕی هەواڵە باس لەوە دەکات، یانەی ڕیال مەدرید لەوانەیە بە دەستەوارەیەکی بە خێرایی، واژووی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا بەدەستبێنێت. تۆڕەکە ڕوونیکردووەتەوە مێسی لەوانەیە هاوینی 2018 بە خێرایی بچێتە ڕیال مەدرید، چونکە ماوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ بلاوگرانا کۆتایی دێت. تۆڕەکە پێشبینی دەکات مێسی لە ڕیزەکانی بارسا بڕوات، باس لەوەش دەکات ڕیال مەدرید لە نزیکەوە چاوی خستووەتە سەر ڕەوشی لیۆ لە بلاوگرانا. ئیکۆدیاریۆ دووپاتیشی دەکاتەوە «مێسی لەوانەیە ڕوو لە بژاردەیەکی دیکە بکات، ئەویش یاریکردنە لە پریمەرلیگ لەگەڵ ڕاهێنەری پێشووی پیپ گوادریۆلا».

### مێسی گرێبەستەکەی تازە ناکاتەوە

ڕادیۆی کادینا کوپێی بەناوبانگی ئیسپانی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا هاتووە، لیۆنێل مێسی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی بارسێلۆنا تازە ناکاتەوە، لەوانەشە ساڵی 2018 کە گرێبەستەکەی تەواو دەبێت، بە خێرایی بڕوات. کادینا کوپێ دەڵێت «مێسی حەزدەکات لە بارسێلۆنا بڕوات، نەخاسمە دوای کێشەکانی ئەو دواییەی، سەبارەت بە خۆدزینەوە لە دانی باج و هەڕەشەی بەندکردن، لەگەڵ دانی غەرامەیەک بە بڕی 2.5 ملیۆن یۆرۆ».

ئەو ڕادیۆیە باسی هەندێ وردەکاری دیکەش دەکات، بەوەی مێسی زۆر پەست بووە لە یانەکەی، چونکە پشتیوانی لە نەیمار کردووە لە کێشەکەی تاوەکو بێتاوانی سەلمێندرا، بەڵام هەمان شتی لەگەڵ ئەو نەکردووە، بەوەی باشترین پارێزەری بۆ بگرن داکۆکی لێبکەن، بۆیە حەزدەکات بڕوات.

### ئەرجەنتینییەکان ئاگرەکە خۆش دەکەن

ڕۆژنامەکانی ئەرجەنتین ئازارەکانی مێسیان زیاتر کرد، دوای شکستهێنان لە بردنەوەی نازناوی کۆپا ئەمریکا، ڕاگەیاندنی وازهێنانی نێودەوڵەتی و بڕیاری بەندکردنی بۆ ماوەی 21 مانگ، لەگەڵ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی، لەبەر خۆدزینەوە لە دانی باج. ڕۆژنامەی ئۆلێ لە هۆکاری شکستهێنانی مێسی دەپرسێت، دوای ئەوەی ڕکابەرەکەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ توانی نازناوی یۆرۆ 2016 لەگەڵ پورتوگال بەدەستبێنێت. ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات «مێسی هاوشێوەی بارسا لەگەڵ تانگۆ یاری ناکات، هەوڵیش دەدات بگاتە ئەو هۆکارەی، لەبەرچی سروودی نیشتمانیی ناڵێتەوە؟!». دیسانیش دەپرسێ ئەگەر مێسی خەڵکی ئەرجەنتینە، یان هەرێمی کەتالۆنیا؟!، بەمەش ئاگرەکە زیاتر خۆش دەکات. ڕۆژنامەکە گومانی لە توانای یاریزانانی پورتوگال هەیە، بەوەی هیچیان دەست نادەن وەک یاریزانی سەرەکی لە پێکهاتەی تانگۆ یاری بکەن. بێگومان بێجگە لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ.



پێیوایە لیۆ باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا..

## ماکمانامان: مێسی نەک لە ڕۆناڵدۆ لە مارادۆناش باشترە

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

یاریزانێکی کۆنی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، هەوادارانی یانەی شاهانە تووڕە دەکات و دەڵێت «کریستیانۆ نازناوی یۆرۆ بباتەوەو نەباتەوە هەرگیز ناگاتە ئاستی لیۆنێل مێسی». هەروەها دەشڵێت «مێسی نەک لە کریستیانۆ لە مارادۆناش باشترە».

ستیڤ ماکمانامان، یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی 1999 تاوەکو 2003 یاری بۆ یانەی ڕیال مەدرید کردووە، لە لێدوانێکدا مەدریدییەکانی تووشی شۆک کرد، چونکە ڕازی نەبوو بەراورد لەنێوان ڕۆناڵدۆ و مێسیدا بکات و لەو بارەوە گوتی «ڕۆناڵدۆ هەرگیز ناگاتە ئاستی مێسی، تەنانەت بردنەوەی نازناوی یۆرۆش لەلایەن ڕۆناڵدۆوە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە کریس هەرگیز ناگاتە ئاستی لیۆ». ماکمانامان هەروەها گوتیشی «مێسی نەک لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە دیێگۆ مارادۆناش باشترە».

ئەو ئەستێرە کۆنەی ڕیال مەدرید، زیاتر پەسنی مێسی داو گوتی «مێسی باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا، ئەوانەی دەڵێن لەبەر ئەوەی نازناوی مۆندیالی نەبردووەتەوە لە مارادۆنا باشتر نییە، بیانوویەکی گەمژانە دێننەوە، چونکە هەموو ئەوانەی لە یاری تۆپی پێ دەزانن و واقیعیانە و دوور لە سۆز قسە دەکەن دانیان بەوەدا ناوە کە مێسی باشترین یاریزانە لە مێژوودا».

ئەگەر لە ڕیال مەدرید بمێنێتەوە دەبێت واز لە یاریکردن بێنێت..

## چارەنووسی بەیڵ لە مەترسیدایە

ئا: ئیحسان تاهیر

ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی ئاشکرایکرد کە سەرەڕای ئەوەی ڕاگەیاندنی مەدریدی بانگهێشت بۆ ئەوە دەکات کە بەمنزیکانە ڕیال مەدرید و گاریس بەیڵی ئەستێرەی وێڵزی لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی ڕێکدەکەون، لە ڕاستیدا ئەو یاریزانە ئامادە نییە گرێبەستەکەی لەگەڵ ڕیال مەدرید نوێ بکاتەوەو دەیەوێ بگەڕێتەوە خولی ئینگلیزی، لە دەرگای یەکێک لە دوو یانەکەی شاری مانچستەر.

ڕۆژنامەی ئەل کۆنفیدۆنسیالی ئیسپانیش ڕایگەیاند مانچستەر یونایتد ئامادەیە بە 120 ملیۆن یۆرۆ، بەیڵ بکاتە گرانترین یاریزان لە مێژوودا و ئەو ڕۆژنامەیە دەڵێت «دوای ئەوەی بەیڵ زانیاری ئەوەی دەستکەوت کە ڕیال مەدرید و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بە تەواوی ڕێککەوتوون لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستی دۆن تاوەکو ساڵی 2021، بەیڵ پاشگەزبووەتەوە لە نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی شاهانە، چونکە چیدی بەرگەی ئەوە ناگرێت هەر لە سێبەری ڕۆناڵدۆدا بمێنێتەوە».

### ئایندەی بەیڵ بە ڕۆناڵدۆ بەستراوەتەوە

تۆڕی سکای سپۆرتی ئینگلیزی، دووپاتی دەکاتەوە «ئایندەی گاریس بەیڵ لەگەڵ ڕیال مەدرید، بەشێوەیەکی گەورە پشت بە ڕۆناڵدۆ دەبەستێت»، ئەوەش زیاد دەکات «بەیڵ ئێستا ئامادە نییە سەبارەت بە تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی دانوستان بکات، تاوەکو هەڵوێستی ڕۆناڵدۆ نەزانێت».

تۆڕی سکای سپۆرت باس لەوەش دەکات ئەو کاتەی ڕۆناڵدۆ دابڕابوو بەیڵ درەوشایەوە، بۆیە بەیڵ دەیەوێ لەنێو ئەستێرەکانی ڕیال مەدرید پلەی یەکەمی هەبێت «لە کاتی دابڕانی ڕۆناڵدۆ لەو ماوەی دوایی بەهۆی پێکانەوە، بەیڵ توانی چەند گۆڵێکی یەکلاییکەرەوە تۆمار بکات و پارێزگاری لە هیواکانی ڕیال مەدرید بکات، بۆ ڕکابەریکردن لەسەر نازناوی لالیگای ئەو وەرزە».

### هەژموونی ڕۆناڵدۆ بەیڵی بچووک کردووەتەوە

وەک تۆڕەکە ئاماژەی پێدەکات، بەیڵ دەزانێت نابێتە ئەستێرەی یەکەمی ڕیال مەدرید تاوەکو ڕۆناڵدۆ مابێت، چونکە ڕۆناڵدۆ لە هەژموونی بەیڵی کەم کردووەتەوە، بەڵام بیرکردنەوەی گاریس لە ڕۆیشتن لە ڕیال مەدرید بەهۆی ڕۆناڵدۆ، بە جۆرە شێتییەک دادەنرێت، هەروەها دەبێتە هەنگاوێکیش بۆ دواوە لە کاروانی پیشەگەرییەکەیدا.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ڕیال مەدرید هەوڵ دەدات گرێبەستەکەی گاریس بەیڵ تاوەکو 2021 تازە بکاتەوە، مووچەی هەفتانەشی بکاتە 50 هەزار پاوەند.

بۆ زانین گاریس بەیڵ لەوەتەی لە هاوینی 2013 ڕووی کردووەتە ڕیزەکانی شاهانە 58 گۆڵی لە 120 یاری تۆمارکردووە.

### چارەنووسی لە مەترسیدایە

ڕایمۆن فێرهیخین، ئامادەکاری جەستەیی پێشووی هەڵبژاردەی پورتوگال، پێشتر ئاشکرایکردووە گاریس بەیڵ بە مانەوەی لە ڕیال مەدرید خۆی تووشی مەترسی گەورە دەکات، کە لەوانەیە زوو کۆتایی بە ژیانی وەرزشیی خۆی بێنێت.

ڕایمۆن فێرهیخین، دووپاتیشی کردەوە بەیڵ لەوەتەی هاتووەتە ڕیزەکانی ڕیال مەدرید تووشی چەندین پێکانی ترسناک بووەتەوە، ئەوەش هەڕەشەی وازهێنانی زووی لێدەکات و لەو بارەوە گوتی «مانەوەی بەیڵ لەگەڵ ڕیال مەدرید وەک یاری ڕۆلێتی ڕووسی وایە، مەترسییەکی گەورەیە و هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ کاروانی وەرزشیی ئەو». هەروەها گوتی «لەو بڕوایەدام ئەگەر بەیڵ لە ڕیال مەدرید بمێنێتەوە، ناچار دەبێت واز لە یاریکردن بێنێت». هەروەها ڕایمۆن گوتیشی «ئەستێرەی وێڵزی تەنیا دوو ڕێچکەی لەپێشە و سێیەمی نییە، یان مانەوە لەگەڵ ڕیال مەدرید و سەرکێشیکردن لەگەڵ پێکانەکان، یان چوونە یانەیەکی دیکە کە ژمارەی پێکانەکانی لە یەک وەرز کەم بکاتەوە».

گاریس بەیڵ، لەم وەرزەدا بەهۆی پێکانە یەک لەدوای یەکەکانی، لە 12 یاری یانەکەی لە خولی ئیسپانیا دابڕا، ئەوەش تیمی پزیشکی ناچارکرد، ئامۆژگاری بکەن پەیڕەوی سیستمێکی توند بکات، بۆ ئەوەی پێکانەکەی سەر هەڵنەداتەوە.



بە (واتس ئاپ) ئاشکرابوو..

## ڕۆناڵدۆ پێیخۆشبوو پیپێ لە مێسی بدات

ئا: ڕووداوی وەرزشی

دزە بە وتووێژێکی نێوان یاریزانانی ڕیال مەدریدی ئیسپانی، لەسەر پەیڕەوی واتس ئاپ لە شەوی پێش یاری پورتوگال و وێلز لە قۆناخی پێش کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای 2016 کراوە، کە تێیدا دەردەکەوێت چۆن کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ پێکەنینی بەو دیمەنە دێت کە لە یارییەکی کلاسیکۆی لالیگادا پیپێی بەرگریکاری ڕیال مەدرید پێی دەخاتە سەر دەستی لیۆنێل مێسی.




**وتووێژەکە بەمشێوەیە بوو:**

**تۆنی کرووس:** سەرکەوتن بۆ هەردوو تیپی ئەمشەو، ناتوانم چاوەڕێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆناڵدۆ و بەیڵ بکەم لە یاری کۆتایی بەرامبەر مانشافت.

**پیپێ:** تۆ دڵنیای دەتەوێ لە یاری کۆتایی ڕووبەڕووی من ببیەوە؟

**سێرجیۆ ڕامۆس:** کەس بەپەرۆش نییە بەرامبەر تۆ یاری بکات پیپێ.

مارسیلۆ وێنەیەکی توندتیژی پیپێ بڵاودەکاتەوە، پاشان خامیس ڕۆدریگز وێنەیەکی بەهێزی پیپێ لەگەڵ لیۆنێل مێسی لە کلاسیکۆ بڵاودەکاتەوە، کەریم بنزیمەش هەمان شت دەکات وێنەیەک بڵاودەکاتەوە، کە پیپێ بەسەر دەستی مێسی دەکەوێ.

**کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ وەڵام دەداتەوە:** هههههههه، دوایین وێنەم زۆر بەدڵ بوو.

**مارسیلۆ:** دەی ئەی شینپۆشەکان.

**کەریم بنزیمە:** دەی ئەی مانشافت .. ئەو فەرەنسیانە خاپوور بکە.

**تۆنی کرووس:** بەنیازم ئەوە بکەم.

**لۆکا مۆدریچ:** دەبێت بەئاگا بیت تۆنی.

**سێرجیۆ ڕامۆس:** لەبارەی وێنەی

**یواکیم لۆف:** هههههههه، قێزەوەنە.

**تۆنی کرووس:** لۆکا، پێدەچێت یەکێک دوای دەرچوون لە یۆرۆ باشتر بووبێت.

**لۆکا مۆدریچ:** کۆمێنتم نییە.

خامیس ڕۆدریگز بە وێنەیەکی ڕۆناڵدۆ لەگەڵ مۆدریچ وەڵام دەداتەوە: نە شیاوە.

**لۆکا مۆدریچ:** بارودۆخ لە کۆپا ئەمریکا چۆن بوو خامیس.

**سێرجیۆ ڕامۆس:** ههههههههههه.

**کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ:** سوپاس هاوڕێیان بۆ پشتیوانیتان بە درێژایی پاڵەوانییەتییەکە، هیواخوازم ئەمساڵ نازناوەکە بەدەستبێنم لە پێناوی وڵاتەکەم.

**پیپێ:** متمانەمان پێت هەیە کاپتن.

**لۆکا مۆدریچ:** بەختێکی باش بۆ تۆ گاریس بەیڵ و هیواخوازم باشترین بباتەوە.

**سێرجیۆ ڕامۆس:** ههههههههههه.

**کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ:** ئێستا باسی تیپە بەردەستەکان دەکەین ئەی کاپتن ڕامۆس، قسەکردنی زۆریشت بە ئیسپانی باش نییە، وا نییە؟

**خیسێ:** ئایا مەبەستت قسەی زۆرە بە کەتالۆنی، ئەی بەڕێز ڕۆناڵدۆ، هههههه.

**سێرجیۆ ڕامۆس:** خیسێ، کە بانگهێشتی هەڵبژاردە کرای، ئەوکات دەتوانی وەک هاوڕێ ڕەخنەم لێبگری، هەتا لۆکاس ڤاسکێزیش هاتە ریزمان لە یۆرۆ.

لۆکا مۆدریچ وێنەیەکی خۆی لەگەڵ ئیسپانیا بڵاودەکاتەوە: تەنیا بۆ قسەکردن.

**سێرجیۆ ڕامۆس:** ئەی ئیسکۆ، ناتەوێ وێنەی پرۆفایلە تایبەتەکەت لەسەر واتس ئاپ بگۆڕی ئەی برایەکەم، تۆ ئێستا بۆ ئیسپانیا یاری ناکەی.

**ئیسکۆ:** ئیکەر کاسیاس بەمشێوەیە نەیترساندین کە کاپتن بوو، کاسیاسمان بۆ بگێڕنەوە.

**مارسیلۆ:** با دووبارە چاومان بخەینەوە سەر ڕۆناڵدۆ.

**کەریم بنزیمە:** بەڵێ و بەخێراییش لەوانەیە دووبارە گەشت بکاتەوە بۆ مەغریب.

**گاریس بەیڵ:** ههههههههه.



**ڕاستە**

تۆڕی سکای سپۆرتی بەریتانی ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوە کە باس لە ویستی یانەی وێستهامی ئینگلیزی بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کارلۆس تیڤێز هێرشبەری ئەرجەنتینی یانەی بۆکاجۆنیۆرز دەکات و لەو بارەوە ڕایگەیاند «ڕاستە، بەرپرسانی وێستهام لە گفتوگۆی جیدی دان بۆ گەڕاندنەوەی تیڤێز بۆ ریزەکانی، کە پێشتر یاری بۆ کردووە، بەڵام ناکۆکییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە لە ڕووی ئەو مووچەیەی پێویستە پێبدرێت، چونکە تیڤێز داوای 250 هەزار جونەی هەفتانە دەکات و یانەکەش دەیەوێ هەفتانە 150 هەزار جونەی بداتێ».

## پێنج زانیاری لەبارەی بەرگریکاری تازەی بارسیلۆنا..

# دین بێ ئارام و توندوتیژە



**"دین یاریزانی تێنس و باسکەیەو سەرسامە بە زیدان و فیدرێر و مایکل جۆردان"**

ئا: رووداوی وەرزشی

یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی تەواوکردنی سێیەم دەستەوارەی لەم هاوینەدا ڕاگەیاند، دوای ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ بەرگریکاری نێودەوڵەتی فەرەنسی، لۆکاس دینی لە پاریس سانجێرمانەوە کرد، گرێبەستەکەی بۆ ماوەی 5 ساڵ بە بەهای 16.5 ملیۆن یۆرۆ (18.27 ملیۆن دۆلار)ە. دینی لە یانەی ڕۆمای ئیتاڵییەوە هاتووە، کە بەشێوەی خواستن یاری بۆ دەکرد. ڕۆژنامەکانی کەتالۆنیا پەلەیان لە ناساندنی ئەو یاریزانە کرد، دوای ئەوەی دینی تەمەن 22 ساڵان وەرزی رابردوو بە خواستن بۆ یانەی ڕۆما یاری کرد، توانی لە 32 یاری خولی ئیتاڵیا یەک گۆڵ تۆمار بکات.

1 - پاڵەوانی جیهانە ئەو یاریزانە لاوە توانی لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوانی فەرەنسا، نازناوی مۆندیالی لاوان بۆ خوار تەمەنی 20 ساڵی بەدەستبهێنێت، لۆکاس لەگەڵ پۆگبا و ئۆمتیتی بە بردنەوەیان لە یاری کۆتایی لە هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای، بە ئەنجامی 4 - 1 بە لێدانەکانی یەکلاییکەرەوە لەسەر یاریگەی (تورک تیلیکۆم ئەرینا) توانی نازناوی مۆندیالی لاوان بەدەستبهێنێت، بارسا بۆ ئەوە گرێبەستی لەگەڵ کردووە ببێتە گرەو لەسەر ئایندەی بەرگری بلاوگرانا.

2 - یاریزانی تێنس و باسکەیە لۆکاس دینی شەیدای ڕەنگی شین و خشڵە، حەزی لە سەیرکردنی تێنسە و هانی هەردوو خوشکی ئەمریکی، سیرینا و ڤینۆس ویلیامز دەدات، پێیوایە ئەگەر نەبووبایە یاریزانی تۆپی پێ، ڕووی لە یارییەکی دیکە دەکرد، ئەویش تێنس یان تۆپی باسکە دەبوو.

3 - ڕاهێنەری ریال مەدرید پێشەوایەتی ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسا، زەینەدین زیدان، ڕاهێنەری ریال مەدریدی خۆشدەوێ، کە ڕکابەری هەمیشەیی بارسیلۆنایە، بە پێشەوای خۆی دادەنێت، هەروەها ئەستێرەی باسکە مایکل جۆردان و یاریزانی تێنسی سویسری ڕۆجێ فیدرێریشی خۆشدەوێ.

4 - یاری ئەفسانەیی دینی خۆی پێیوایە یەک کەموکوڕی هەیە ئەویش زوو ئارامی نامینێت و هەندێجاریش توندوتیژە بەرامبەر هێرشبەرانی تیپی بەرامبەر، پێیوایە ژمارە 3 ژمارەی بەختی تایبەتیەتی، دووپاتیشی دەکاتەوە ئەفسانەترین یاری سەیری کردبێت، یاری نێوان لیڤەرپوول و میلان بوو لە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگی 2005 کە 3 - 3 کۆتاییهات و لیڤەرپوول بە لێدانەکانی یەکلاییکەرەوە بردییەوە.

5 - لیل خۆشترین شاریەتی بەرگریکارە نوێیەکەی بارسا پێیوایە شاری لیل خۆشترین شارە لەلای ئەو، چونکە لەو شارە کاروانی وەرزشیی لەگەڵ یانەی لیل دەستپێکرد، بەر لەوەی ڕوو بکاتە پاریس سانجێرمان، هەر لە منداڵیشەوە خەون بە بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیالەوە دەبینێت.





## دەتەوێ ببیە کۆپییەکی کریستیانۆ؟!

# بە 5 هەنگاو دەبیتە ڕۆناڵدۆ

رووداوی وەرزشی - GULF NEWS

لەگەڵی کۆک بیت یان ناکۆک.. خۆشت بوێ یان ڕقت لێی بێتەوە.. پێتوایە باشترینە یان وای نابینی، بەڵام لە کۆتاییەکەی دەبێت دان ب ەیەک ڕاستیدا بنێیت، ئەویش ئەوەیە کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال، یەکێکە لە گەورەترین ئەو یاریزانانەی، یاریگەکانی تۆپی پێی جیهان خستوویانەتەوە، ئەو بە ئەفسانەیەکی نەمری جیهانی تۆپی پێ دەمێنێتەوە، دوای ئەوەی ئەو هەموو ژمارە پێوانەیی شکاند، لەگەڵ ئەو نازناو و پاڵەوانیەتیانەی بەدەستیهێناوە، کە زۆر کەس ئەستەمە وەک ئەو پێی بگەن.

بەڵام دوور لە یاریگە، خۆشەویستانی خەون بە شتێکی دیکەوە دەبینن، هەندێک هەوڵ دەدەن لە هەموو شتێک لەچاو ئەو بکەنەوە، بۆ ئەوەی وەک شێوە و دیمەن لێی نزیک بکەونەوە، بەڵکو لەپێناوی ئەوەدا پارەیەکی زۆریش خەرج دەکەن، ئەوان ڕۆناڵدۆ بە ئەستێرەی یەکەمی بێ ڕکابەری خۆیان دادەنێن، بۆیە 5 هەنگاوتان بۆ دەخەینەڕوو، ئەگەر بیانکەی لەوانەیە ببیتە هاوشێوەی ڕۆناڵدۆ، بەڵام بێگومان وات لێناکات لەنێو یاریگەش ببیتە هاوشێوەی ئەو، چونکە ئەوە پێویستی بە توانایەکی خەیاڵی هەیە.. هەنگاوەکانیش ئەمانەن:

1 - بایەخ بە جلەکانت بدە زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە، لەو شتانەی وات لێدەکەن لە ئەفسانەکەی پورتوگال بچیت، دەبێت بەردەوام بایەخ بە دیمەن و جلەکانت بدەی زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە، دەبێت لە کاتی ڕۆیشتن لەبەردەم خەڵکیدا شیکپۆشی خۆت دەرخەی.

2 - دەبێت (جیل) زۆر لە قژت هەڵسووی، ئەگەر دەتەوێ وەک ڕۆناڵدۆ بیت، دەبێت جیلی قژ بکەیتە شتێکی سەرەکی و گرنگی ژیانی ڕۆژانەت، دەبێت ڕۆژانە نیو شوشە جیل لە قژت هەڵسووی و هەوڵیش بدەی وەک دۆن دایبێنی.

3 - بەردەوام دەستەواژەی گەورەزان و متمانە بەخۆبوون بڵێیتەوە، دەبێت کەمێک خۆت بە گەورە بزانی، دەبێت بەردەوام ئەو قسانە دووبارە بکەیتەوە "خەڵکی ڕقیان لێم دەبێتەوە، چونکە من کەسێکی دەوڵەمەند و جوان و گەورەم"، بەڵام دەبێت لە کاتی گوتنەوەی ئەو قسانەش، هەندێ شت لە ناخت هەبێت متمانەت پێببەخشن.

4 - سەرنج لە هەمووان بدزە، دەبێت بەردەوام سەرنج لە هەمووان بدزی، دەبێت بۆ چوار دەوری خۆت لە بەڕێوەبەرت لە کار و هاوڕێکانت دەرخەی، تۆ بەردەوام باشترینی، وا بکە هەموو باسی تۆ بکەن، دوور نییە وەک ڕۆناڵدۆت لێبێت، کە هەموو خەڵکی باسی دەکەن.

5 - هەموو ڕۆژێک سەرت بتراشە، دوا شت لەبیر مەکە هەموو ڕۆژێک سەرت بتراشی، بەردەوام دیمەنی قژت نوێ بکەوە، بە شێوازی جۆراوجۆر قژت دابێنە، دەبێت بەردەوامیش ریشت بتراشی، وەک ڕۆناڵدۆ بۆ ئەوەی وەک ئەو بیت.

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



جیاوازی مێسی و ڕۆناڵدۆ لەوەدایە، یەکێکیان دوای شکست دەگریت و هەڵبژاردەی وڵاتەکەی جێدەهێڵێت، یەکێکیش لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دەمێنێتەوە تاوەکو دەیگەیێنێتە سەرکەوتنی گەورە

تۆماس ڕۆنسیرۆ
(ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی مەدریدی)



ئەنچیلۆتی ڕاهێنەرێکی هێندە شارەزایە 11 گۆڵپارێزی پێبدە دەتوانێت تیپێکی بەهێزیان لێ دروست بکات و سەرکەوتن بەدەستبێنێت

ئەریگۆ ساکی
(ڕاهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی)



ئەستێرە گەورەکان 5 یان 6 ساڵ لە لوتکەی ئاستەبەرزیدا یاری دەکەن، بەڵام کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ 10 ساڵە ئەو کارە دەکات

ئەلیکس فێرگسۆن
(ڕاهێنەری ئەفسانەیی سکۆتلەندی)




هەر دەڵێن ڕۆناڵدۆ باشترین یاریزانی جیهانە، کەچی لە یاری کۆتایی یۆرۆدا وەک منداڵ دەگریا، دواتریش بۆ خۆدەرخستن خۆی کردە ڕاهێنەر

ئێریک کانتۆنا
(یاریزانی پێشووی مانچستەر یونایتد)



ئەوانەی دەڵێن پێویستە باڵۆن دۆری ئەمساڵ بدرێتە ڕۆناڵدۆ تەنیا لە دژی مێسی وادەڵێن، هەر ئەوان بوون دەیانگوت دەبێ بدرێتە گریزمان یان بەیڵ یان سوارێز

کیم دۆمینیک
(ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی کەتالۆنی)



زەینەدین زیدان لەدوای بوونە ڕاهێنەر زۆر گۆڕاوە، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئێستای زۆر جیاوازە لەو کاتەی یاریزان بوو

ڕائوول گۆنزالیس
(کاپتنی پێشووی ریال مەدرید)

3 پرس
ئینز
نە
کەنا
هەڤپە
زیدان
وەرزش
1 -
وەرگرتن
چی دەڵێ
زەینەد
ڕاهێنەر بە
ڕاهێنەری دیکەی ش
هەرچۆنێک بێت هیوادار
هەرچەندە خەڵاتە تاکە کە
تەنیا دەمەوێ مێژوویەکی
بکەم.
"لە ڕۆ
"ڕاهێنە
بۆ بردنە
ڕا



## تووڕەیە

ماڵپەڕی کالچیۆ میرکاتۆ ئاشکرایکرد رۆبێرتۆ مانچینی راهێنەری یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالی زۆر تووڕەیە لە ئیدارەی یانەکەی، چونکە تاوەکو ئێستا ئەو بەڵێنانەی نەبردووەتە سەر کە پێیان دابوو لەبارەی گرێبەستکردن لەگەڵ چەند یاریزانێکی نوێ. لەو بارەوە ئەو ماڵپەڕە نووسیویەتی «تاوەکو ئێستا ئیدارەی ئینتەرمیلان تەنیا گرێبەستی لەگەڵ ئیڤەر پانیگای یاریزانی ئەرجەنتینی کردووە، لە کاتێکدا بەڵێنی بە مانچینی داوە چەند یاریزانێکی بۆ بکڕێت، ئەمەش مانچینی زۆر تووڕە کردووە و ئەگەر وا بڕوات لەوانەیە بیر لە ڕۆیشتن بکاتەوە».

### بە قسەی هاندەرانی تۆپی پێ رەزاگرانترین یاریزانەکانی جیهان کێن؟!

# سوارێز و پیپێ لەبەر توندوتیژی رەزاگرانترین



«هاندەران بەهۆی ناپاکی و رەوشتنزمی رقیان لە رایان گیگز و جۆن تێرییە»

## راهێنەرێک: حاجی زیوف لە مشکی نێو زێرابەکان کەمترە


ئا: رەمزی میرەکانی


هەموو یاریزانێک کەسانێک هەن خۆشیان دەوێ و کەسانێکیش هەن رقیان لێی دەبێتەوە، ئەوە شتێکی سروشتییە، بەڵام هەندێ هەڵسوکەوت هەیە، وا لە یاریزانەکان دەکات ناویان بخرێتە نێو لیستی یاریزانە رەزاگرانەکان، لەلایەن بەشێکی زۆری هاندەران، نەوەک تەنیا لەلایەن جەماوەری تیپی رکابەرەوە.

سێرجیۆ بۆسکێسی یاریزانی بارسێلۆنا ناوی چووە نێو لیستەکە، بەهۆی زۆرجار بانگەشەکردن بەدرۆ بۆ تووشچڕبوون بە پێکان بەشێوەی زیاد لە پێویست. پێگەی گۆڵ هەڵوێستێکی بەناوبانگی خستووەتەڕوو، دوای ئەوەی بانگەشەی ئەوەی کرد بە لێدانی ئەنیشک لە دەموچاوی، لەلایەن تیاگۆ مۆتای یاریزانی ئینتەرمیلان لە یارییەکی چامپیۆنسلیگی ساڵی 2010 تووشی پێکان بووە.

لە دوایین رووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو یاریزان، ماکسی لۆپێز رازی نەبوو تەوقە لەگەڵ ماورۆ ئیکاردی بکات، کە نارای هاوسەری پێشووی لۆپێزی هێناوە، کە لەسەر تویتەر و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان واز لە دەربڕینی خۆشەویستی خۆی ناهێنێت، وەک ئەوەی بیەوێ هاوڕێیە گەورەکەی تووڕە بکات.

جۆن تێری بەرگریکارێکی گەورەیە، گومان لەوەدا نییە، بەڵام بەوە ناسراوە پەیوەندی زۆری لەگەڵ دۆست و هاوسەری هاوڕێکانی لە تیپ داناوە، بەمەش چواردەورەکەی لێی تووڕەن، بەر لەوەی شتەکە بە وێنەی گاڵتەئامێز لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببێتە گاڵتەپێکردن. جۆن تێریش چووە ریزی یاریزانە رەزاگرانەکان، بەڵام ئەوە لە رێژەی جەماوەریی لەنێو هاندەرانی چێلسی کەمی نەکردووە.

پیپێی بەرگریکاری ریال مەدرید زۆرجار بە توندتیژی بە ئەنقەست ناسراوە، کەس لەبیری ناکات چۆن پێی لە دەستی لیۆنێل مێسی نا و شەقیشی لە یاریزانێکی رکابەری دا. پیپێ لەگەڵ پورتوگال ئاستێکی بەهێزی پێشکەشکرد و یارمەتی دا، دەستکەوتێکی مێژوویی بەدەستبێنێت، ئەویش نازناوی یۆرۆی 2016 بوو، بەڵام ئەوە بەربەست نییە لەوەی خەڵکێکی زۆر رقیان لە شێوازی توندی لە یاریکردن ببێتەوە.

دییگۆ کۆستا، لە دیاردەیەکی گۆڵ تۆمارکردن بۆ یاریزانێکی ئاژاوەچی گۆڕا، لە خولی ئینگلیزی رەخنەی توندێ لێگیرا، بەهۆی دەستدرێژی کردنە سەر رکابەرانی دوور لە چاوی ناوبژیوانان، چەندینجاریش بەو هۆیەوە سزا دراوە. دییگۆ کۆستا تووشی پێکان بوو لە دەموچاوی، بەڵام ئەوە نەبووە هۆکاری زیادبوونی هاوسۆزبوون لەگەڵی، بەڵکو حاڵەتی دوژمنکاریی لەگەڵ زۆر لە هاندەران و دەزگاکانی راگەیاندن بەردەوام بوو، بەهۆی دابەزینی ئاستیشی لە پێکهاتەی ئیسپانیا لە یۆرۆی 2016 دابڕا.

حاجی زیوف، سوپرایزی مۆندیالی 2002 بوو، دوای ئەوەی یارمەتی وڵاتەکەی دا فەرەنسای هەڵگری نازناوەکە لە یاری کردنەوەی مۆندیال لە زەوی بدات، چووە لیڤەرپوول بەر لەوەی دەست بە هەڵسوکەوتی منداڵانەی زۆر بکات و جگەرە بکێشێت، بەمەش گەشتی ئەستێرەیی زوو کۆتایی هات، هەتا راهێنەر نیل وارنۆک زۆر بە زیادەڕوویی وەسفیکرد و گوتی «حاجی زیوف لە مشکی نێو زێرابەکان کەمترە».

لویس سوارێزی هێرشبەری بارسێلۆنا ناتوانێت واز لە شەڕکردن لەگەڵ گۆڵپارێز و بەرگریکارانی تیپی بەرامبەر بهێنێت، بێجگە لە ناوبانگی خراپی لە گازگرتن لە چەندین یاریزانی رکابەر، کە دواترینیان ئیتاڵی جۆرجیۆ کیلینی بوو لە مۆندیالی 2014. هۆکاری رقلێبوونەوە لە سوارێز هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو گۆڵکاری لالیگا بەوەش بەناوبانگە کە بە درۆ بانگەشەی تووشی پێکان بوون دەکات و رەخنە لە ناوبژیوانان دەگرێت، بەشێوازێکی تەواو دوور لە گیانی وەرزشی.

رایان گیگز ئەفسانەیەکی راستەقینەی مانچستەر یونایتەدە، لە میانی ژمارە مێژووییەکانی، کە دووبارەبوونەوەیان لە کاتێک نزیکدا ئەستەمە، بەڵام لەلایەن هاندەرانی دیکەوە زۆر خۆشەویست نییە، بەهۆی ناپاکی هاوسەری و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتان، کە هۆکاری جیابوونەوەی بوو لە هاوسەرەکەی.

بەدڵنیاییەوە کریستیانۆ رۆناڵدۆ خاوەن جەماوەرێکی بێژمارە لەسەرتاسەری جیهاندا. بەڵام ئەوە مانای نەوە ناگەیێنێت، کە ملیۆنەها کەسیش هەن رقیان لێدەبێتەوە، هەندێک پێیانوایە ئەو بەردەوام هەوڵ دەدات، تیشک لە کەسانی دیکە بڕفێنێت، ئینجا چ بە هەڵسوکەوتی بێت، کە هەوڵ دەدات لە میانییەوە بانگەشەی نموونەیی بکات، بەشێوەیەکی زیاد لە پێویست، یان بەهۆی شێوازی ئاهەنگگێڕانی نمایشکاریی یان هەتا لە کاتی دڵتەنگیشدا.

لێرەدا قسە لەسەر مارادۆنایە نەوەک مێسی.. مارادۆنا ئالوودەی مەی بوو، گۆڵێکی بەدەست تۆمارکرد و چەندین لێدوانی مشتومڕهێنیشی داوە، هەروەها هێرشی کردووەتە سەر چەندین کەسایەتی وەرزشیی بەناوبانگ، لە ئەستێرەیی هاووڵاتییەکەی و ئەفسانەی نوێی ئەرجەنتین، لیۆنێل مێسیشی کەم کردووەتەوە. بەردەوامیش پۆز لێدەدات.

یاریزانی ئیتاڵی ماریۆ بالۆتێلی خاوەن توانایەکی باشە لە یاریکردن، تەنانەت نایابیشە، بەڵام هەموو ئەوانەی بە هەڵسوکەوتی سەیر لەدەستداوە، ئینجا چ لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هاوڕێیان یان رکابەران یان هەتا راهێنەرانیشی بێت.

جۆی بارتۆن شایستەی ئەوەیە ناوی لەنێو ئەو لیستەدا بێت، ئینجا چ بەچوونە سەری توندی لەگەڵ هاوڕێیان، یان بەهۆی دەستدرێژی کردن بەسەر هاوڕێی عوسمان دابۆ بێت لە کاتی راهێنانەکان، ئەوکاتەی لە مانچستەر ستی بوو، 6 مانگی لە بەندیخانە بەسەربرد، دوای ئەوەی ساڵی 2007 لە شەڕێکدا دەستدرێژی کردە سەر کەسێک لە لیڤەرپووڵ.

### لەبەرئەوەی خۆشەویستی بەرازیلییەکان بۆ ئەو بێسنوورە..

# رۆماریۆ دەیەوێ ببێتە سەرۆکی بەرازیل




رووداوی وەرزشی ـ SAMBA


رۆماریۆ، ئەستێرەی پێشووی تۆپی پێی بەرازیل، کە ئێستا بواری کارکردنی لەنێو یاریگەکانی تۆپی پێوە گواستووەتەوە نێو پەرلەمان، بیر لەوە دەکاتەوە ببێتە سەرۆکی بەرازیل، بەهۆی ئەو خۆشەویستییە زۆرەی بەرازیلییەکان بۆ ئەویان هەیە.

#### ئۆپۆزسیۆنێکی دیار

رۆماریۆ، وەک ئەندامی پەرلەمانی بەرازیل تیشکەکانی رفاند، وەک چۆن ئەوکاتەی گۆڵکاری هەڵبژاردەی سامبا و یانەی بارسێلۆناش بوو لە نەوەدەکان وایکرد، ئەو هەستە کۆمەڵایەتییەی هەیەتی، هۆکاری چوونی بۆ نێو جیهانی سیاسەت بوو لە ساڵی 2010 وە، ئەوکاتەی توانی کورسییەکی پەرلەمان لە ویلایەتی ریۆدی جانیرۆ بەدەستبێنێت، وەک نوێنەری پارتی سۆسیالیست، دوای ئەوەی 63.39% دەنگەکانی بەدەستهێنا، هەروەها رۆماریۆ بەوەش بەناوبانگە، بەردەوام بەرهەڵستکارێکی گەورەی خانمە سەرۆکی بەرازیل و سیستمی سیاسییە، ئەوەش کردوویەتییە سیمایەکی دیار لە ئۆپۆزسیۆنی بەرازیل، پێشتر دیلما رۆسیفی سەرۆکی بەرازیلی بە هەوڵی هەژارکردنی گەل و تەنیا بایەخدان بە رێکخستنی خۆنیشاندانی گەورە تۆمەتبار کردبوو.

#### دەیەوێ ببێتە سەرۆک

زۆر لە بەدواداچووان بە دووری نازانن، رۆماریۆ خۆی بۆ سەرۆکایەتی بەرازیل کاندید بکات، لە ساڵانی داهاتوودا، دوای ئەوەی بووە خاوەن جەماوەرێکی پێویست بۆ ئەم مەبەستە، لەسەر لەنگەرگرتنی سیاسی باشی لە پارتی سۆسیالیست بەردەوامە، گرەویش لەسەر کۆکردنەوەی زۆرترین پشتیوانی دەکات، لە میانی قسەکردنی لەسەر چینی ناوەڕاست و هەژار، کە 80%ی دانیشتووانی بەرازیل پێکدەهێنن، بۆ ئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەستبێنێت. ئەگەر سەرکەوتنەکانی رۆماریۆ بەردەوام بێت، زۆر لە چاودێر و بەدواداچووان بەدووری نازانن، لە ساڵانی داهاتوودا ببێتە کەسایەتییەکی سیاسی کارا لە وڵاتدا. تەنانەت خۆشەویستی زۆری بەرازیلییەکان بۆ رۆماریۆ وایان لەو ئەستێرەیە کردووە بیر لەوە بکاتەوە ببێتە سەرۆکی بەرازیل.

### پاڵەوانێکی کارتۆنی سووکایەتی بە ئەفسانە دەکات..

# مارادۆنا کێیە؟ وابزانم یاریزانی رەگبییە


رووداوی وەرزشی ـ TANGO


ڤیکتۆر مانوێل ئیسپینۆزا، ئەکتەری مەکسیکی، کە بەدەنگی کەسایەتی «هومەر» لە وەشانی ئەمریکای لاتینی زنجیرە کارتۆنی بەناوبانگ THE SIMPSONS پێشکەش دەکات، گاڵتەی بە دییگۆ ئارماندۆ مارادۆنای ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتین کرد، کە بەمدواییە گوتبووی «رقم لەو زنجیرەیە دەبێتەوەو حەزناکەم سەیری بکەم».


ئیسپینۆزا، لەبارەی مارادۆناوە رایگەیاند «مارادۆنا لوتبەرزە و نابێت گوێ بە قسەکانی بدرێت». ئیسپینۆزا بە تەلەفۆن بەشداری لە بەرنامەیەکی کەناڵی AMERICA TV ی ئەرجەنتینی کرد و گوتی «کێ وا دەڵێ؟ مارادۆنا؟ مارادۆنا کێیە؟ بەڵێ بەبیرم هاتەوە، ئەو یاریزانەی هەڵبژاردەی ئەرجەنتینە لە یاری رەگبی.. ببوورە تۆپی پێ.. ئایا ئەو یاریزانەیە کە لە بارسێلۆنا دەژی و نایەوێ چیدی یاری بۆ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بکات؟ نا ئەو نییە، ئەو ناوی لیۆنێل مێسییە». هەروەها ئیسپینۆزا کە پێدەچێت زۆر لە مارادۆنا تووڕە بووبێت، گوتی «من لیۆنێل مێسیم خۆشدەوێ، چونکە شتی خراپ ناڵێت و بە خراپە باسی کەسانی دیکە ناکات، بەردەوام باسی شتی باش دەکات.. کەواتە دییگۆ مارادۆنا کێیە؟ بەڵێ بەبیرم هاتەوە، ئەو کەسە لوتبەرزە خۆبەزلزانەیە کە بەردەوام ئەو قسانە دووبارە دەکاتەوە، باشتر وایە پشتگوێ بخەی».



مارادۆنای ئەستێرەی پێشووتری تانگۆ، لەسەر نانەوەی مشتومڕ بە لێدوانە ناڕەواکانی و بوێری لە رەخنەگرتن لە کەس و کیانەکان راهاتووە، بەم دواییەش هەرایەکی گەورەی نایەوە، کاتێک رەخنەی لە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارسێلۆنا و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین گرت و گوتی «مێسی کەسایەتی سەرکردەی نییە».




رووداو وەرزش
ژمارە ( 408 )
سێشەممە 2016/7/19



3 لـــە 5

رۆبێرت فێرناندێزی بەڕێوەبەری وەرزشـیی یانەی بارسـێلۆنای ئیسپانی ڕایگەیاند کە یانەی کەتالۆنی دوای چەندین ساڵ ناڵاندن بەدەست کێشـەی هێڵی بەرگرییەوە، ئەمسـاڵ بە گرێبەستکردن لەگەڵ چەند بەرگریکارێک ئەو کێشەیەی بە تەواوی چارەسەر کردووە و لەو بارەوە گوتی «ئێستا ئێمە خاوەنی 5 بەرگریکاری بەتواناین، لەوەش گرنگتر 3 لەو 5 بەرگریکارە دەتوانن لە 3 شوێنی جیاجیا یاری بکەن، لەبەرئەوە هاندەرانی خۆمان دڵنیا دەکەینەوە کە بارسێلۆنا چیدی کێشەی هێڵی بەرگری نەماوە».

بەهای نەیمار لە بەهای هازارد، پۆگبا و دیبالا زیاترە..

# نەیمار چەند دەهێنێت؟



## رۆژنامەیەکی بەرازیلی:

## هاوینی داهاتوو نەیمار 100 % دەچێتە پاریس سانجێرمان

**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

رۆژنامـەی پلیچـەر ریپۆرتـی بەریتانـی ڕاپۆرتێکـی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا باس لە بەهـای دارایـی نەیمار دەکات لە بارسـێلۆنا و جیهاندا. ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو برە پارە خەیاڵییەی نەیمار بۆ بارسا بە دەستیدێنێت، ئەگەر هەر کاتێ بیفرۆشێت، ڕاپۆرتەکە دەریشی دەخات بەهای نەیمار لە هەڵکشـانێکی شـێتانە دایە، نەخاسمە دوای دوایین وەرز.

رۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت «نەیمار بووەتە مایـەی تێڕامانـی چەندین یانە، کـە دەیانەوێ چێژ لە خزمەتەکانـی وەرگـرن». هەروەها باس لـەوەش دەکات «پێشـبینی دەکرێ و ئاساییە یاریزانێک بەو قەبارەیە بچێتە یانەیەکی دیکەوە، دوای کاروانی بەرچاوی لەگەڵ بارسـێلۆنا بەهاکـەی زۆر زیادی کردووە، ئەو لەگەڵ مێسـی و سـوارێز سێیانەیەکی کوشندەی یانەی بارسان».

رۆژنامەکە باسی ئەوەش دەکات، کە هەواڵی جیاجیای زۆر لەبارەی راسـتی چوونی نەیمار بۆ یانەکی دیکە یان نەچوونی هەیە، رۆژنامەی سـپۆرتی ئیسپانی ڕایگەیاند «نەیمار لەلایەن یانەی پاریس سـانجێرمانی فەرەنسییەوە گرێبەستی پێشکەش کراوە، بەڵام پێیباشە وەرزێکی دیکە لەگەڵ بارسا بمینێتەوە». لە هەواڵێکی دیکەدا رۆژنامەیەکی بەرازیلی ڕایگەیاند، نوێنەرانی نەیمار و بەرپرسانی پاریس سانجێرمان، باس لەوە دەکەن چوونی نەیمار بۆ یانە فەرەنسییەکە هاوینی داهاتوو دەبێت، پێش دەستپێکردنی وەرزی 2017 ـ 2018، رۆژنامەکە دەڵێت «چوونی نەیمار لە وەرزی داهاتوو بووەتە شتێکی مسۆگەر، ئەو گواستنەوەیەش پارەیەکی زۆر بۆ بارسێلۆنا بەدەستدەخات».

رۆژنامەی پلیچەر ریپۆرتی بەریتانی، گرنگی نرخی دەستەوارەی کڕینی نەیمار دەردەخات، بۆ هەڵسەنگاندنی و وەرگرتنی بیرۆکەیەک لە بارەی نرخی فرۆشتنی، لە حاڵەتی نەیماردا یانەی بارسێلۆنا بڕی 111 ملیـۆن یـۆرۆی لە کڕینی خەرج کردووە. لەگەڵ دووپاتکردنـەوەی رۆژنامەکـە بە هەڵکشانی ئێستای بەهاکەی، بەهـای هەڵوەشـاندنەوەی گرێبەستەکەی لە گرێبەستە تازەکەیـدا، کە لە سـاڵی 2022 کۆتایـی دێت 225 ملیۆن یۆرۆیە. ئەو سێ ساڵەی نەیمار لە بارسێلۆنا بوو، لە رووی وەرزشیی و داراییشەوە بەسوود بوو، هەرچەندە لە وەرزی یەکەمی لـە لیـگا تەنیا 9 گۆڵ و بە گشـتی 15 گۆڵـی تۆمارکرد، کەچی رۆڵی لە پێشـڤەچوونی ئاسـتی یاریکردنی تیپەکەی و دۆزینەوەی میکانیزمی یاریکردن، لەگەڵ یاریزانانی تیپە تازەکەی هەبوو.

بەپێـی رۆژنامـە بەرازیلییەکـە، مۆندیالـی 2014 لـە بەرازیل فاکتەرێکـی گرنگ بوو بۆ نەیمار، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فشـاری هەڵگرتنی هیواکانی تیپەکەی. بە کردەوە نەیمار باشترین یاریزانی هەڵبـژاردەی وڵاتەکـەی بـوو، بـەڵام لەبەخـت خراپـی، تیپەکە دوای پێکانـی نەیمـار لە مۆندیال دەرکرا. نەیمـار بە تۆمارکردنی 39 گۆڵ یارمەتی بارسـێلۆنای دا لە وەرزی 2014 ـ 2015 سـێ نازناو بەدەستبێنێت، بێجگە لەوەی تۆمارکردنی گۆڵ تاکە ئەرکی نەبوو، بەڵکو دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنیشـی دەڕەخساند، ئەمەش نەیماری کردە هێزێکی کاریگەر لە تیپەکەی، بە بڕینی یاریزانان و هاتوچۆی خێرا لە یاریگە و بەهرەی هونەری. ئەو 89 دەرفەتەی لە وەرزی 2015 ـ 2016 ڕەخسـاندی، وایکرد لەسەر ئاستی ئەورووپا لە پلەی شەشـەم و لەسەر ئاسـتی لیگاش لە پلەی یەکەم بێت، لە رووی شـووت لێدانیشـەوە لە پلەی دەیەم هات، لەتەک ئاستی بەرزی بە درێژایی وەرزەکە. رۆژنامەکە دەڵێت «ئەوکاتەی مێسـی پێکانی هەبوو، تیپەکە پێویستی بە نەیمار بوو، وەک دروستکەری یـاری، گۆڵکار و یاریزانێکی نمایشـکار دەرکـەوت، بەخت و گۆڵ و سـەرکەوتنی بۆ تیپەکەی دەهێنا، دەریخسـت بەبێ مێسـیش دەتوانێت پێشەوایەتی تیپەکە بکات».

رۆژنامـەی پلیچەر ریپۆرتـی بەریتانی، کۆتایـی ڕاپۆرتەکەیدا، بەراوردێک لەنێوان ئەوەی پێشکەشی نەیمار کراوە لە دەستەوارەی گواسـتنەوەی پێشبینیکراوی بۆ پاریس سـانجێرمان، لەگەڵ ئەو گرێبەسـتانەی پێشکەشـی یاریزانانی دیکەی ریزی یەکەم کراون، دەشـڵێت «هەرچەندە یاریزانی چێڵسـی ئیدین هازارد، لە رووی شوێنی یاریکردن و گرنگی بۆ تیپەکەی لە نەیمار دەچێ، بەڵام لە رووی جۆری یاریکردن و بەردەوامی، نەیمار لەپێش ئەو دێت، چ لە یانەو چ لە هەڵبژاردە. لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە دەکرێ ، هازارد بە 70 ملیۆن یۆرۆ لەلایەن پاریس سـانجێرمان و ریال مەدریدەوە داواکراوە». هەروەها دەکرێ دووانەکەی یوڤانتۆس، پۆگبا و دیبالا، لـە رووی ئاسـت و داراییەوە لـە بەهای نەیمار نزیـک بکەونەوە. لەوانەیـە پۆگبـا بچێتە مانچسـتەر یونایتـد بە دەسـتەوارەیەک بەهاکـەی بگاتـە 160 ملیۆن یۆرۆ، ئەو گرێبەسـتانە بەپێش ئەو گرێبەستە ناکەون، کە پێشکەشی نەیمار کراوەو لەداهاتووشدا پێشکەشی دەکرێت.

شتە سەیر و سەمەرەکان لە گرێبەستی یاریزاناندا

# نابێ سەفەری ئاسمان بکات



( 2 ـ 1 )

«ڕاهێنەرێک مەرجی ئەوەی بۆ یاریزانەکانی دانابوو ئەگەر هەر یارییەک بدۆڕێن پێویستە ئێواران ریخەڵۆک بخۆن»

**ئا: رووداوی وەرزشی**

لە سـەردەمی پیشـەگەرییدا داواکاری ئەسـتێرەکانی تۆپی پێ بووەتە فەرمان بۆ زۆر لـە یانەکان، ئەوەش بـە پلەی یەکەم لەسـەر بەهای یاریزانەکە دەوەسـتێت، کە لەوانەیـە سیاسـەتی یانەکـە بگۆڕێت، بۆ ئەوەی رازی بکات بچێتە ریزەکانییەوە.. بەڵام ئـەی چی لەبارەی سـەیرترین گرێبەسـت کـە لـە جیهانـی تۆپی پێدا کرابێت؟.

لـەم ڕاپۆرتەدا شـتە سـەیر و سـەمەرەکانی گرێبەسـتی یاریزان و یانەکانی سەرتاسەری جیهانتـان پێ ئاشـنا دەکەین، کـە بێگومـان هەندێکیـان تووشـی شـۆکت دەکـەن، هەندێکیشـیان دەدخەنـە پێکەنینەوە:

- سـامی سـەرۆکی یانـەی ویمبڵدۆنـی ئینگلیـزی لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی 1980 ـ 1990 لـە کاتـی دۆڕان لە هـەر یارییەکدا بـە ئەنجامێکی گـەورە سـزایەکی سـەیری یاریزانەکانی دەدا، سزاکەشی پێشکەشکردنی ریخەڵۆک و سـەری مەڕ بوو لەسـەر ژەمی ئێوارەی تیپەکەدا.
- نیـل رادۆک کـە بەهرەمەندێکـی بەرچـاوی خولـی ئینگلیزی بوو، کێشـەی ئەوەبـوو کێشـی زۆر بـە خێرایـی زیادی دەکـرد و قەڵەو دەبوو، ئـەوەش پاڵی بە کارگێـڕی یانـەی ویسـتهام یونایتدەوە نا، برگەیـەک لـە گرێبەسـتەکەی دابنێت، کە ڕێگەی بە یانەکە بدات بەبێ قەرەبووکردنەوە گرێبەسـتەکەی هەڵوەشـێنێتەوە، ئەگـەر کێشـی زیاتـر لـە سـنووری ڕێگەپێدراو لـە تیپەکـە زیادی کـرد. واتە پزیشـکانی ویسـتهام بە رادۆکیان گوتبوو نابێ کێشی تـۆ لەوەندە کیلۆگرامە زیاتر بێت.
- لەوانەیە سـتیڤان شـوارزی یاریزانی سـوێدی، خاوەنی سـەیرترین گرێبەسـتی وەرزشـی بێت لە مێژوودا، ئـەو یاریزانەی پێشـووی یانـەی سـەندەرلاندی ئینگلیزی سـاڵی 1999 گرێبەسـتی لەگەڵ یانەکـە کـرد، بـەڵام لـەو ماوەیـەدا بیـری لـەوە دەکردەوە لە ڕێکلامێکی ڕەواج پەیداکردنی سەفەرکردن بۆ بۆشایی ئاسمان دەرکەوێ، بۆیە یانەکەی بڕگەیەکی لە گرێبەسـتەکەی زیادکـرد، کـە ڕێگـەی پێنـادات تاوەکـو کۆتایی گرێبەسـتەکەی بۆ بۆشایی ئاسمان سەفەر بکات.
- چامپرلینی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانـەی ئارسـناڵی ئینگلیـزی، برگەیەک لە گرێبەستەکەیدا هەیـە، کە تێیـدا هاتووە بـڕی 14 هەزار یـۆرۆی پێبدرێـت، ئەگەر زیاتـر لـە 20 خولەک یاری بـکات لە هەر یارییەکـدا. ئـەوەش ئارسـین ڤینگـەری ڕاهێنەری تیپەکـەی ناچارکرد، لە زۆربەی یارییـەکان تەنیـا لـەدوا چارەک یـاری پێبـکات. واتـە 5 خولەک کەمتر لە ماوەی دیاریکـراو بۆ ئـەوەی یاریزانەکە نەتوانێت پارەکە لە یانەکەی وەربگرێت.
- جیۆڤانـی تراپاتۆنـی ڕاهێنـەری ئیتاڵـی بە ئەزمـوون، ئەوکاتەی ڕاهێنەری هەڵبـژاردەی ئێرلەنـدا بـوو، ڕێگـەی بـە یاریزانانی نەدەدا، پێش یارییەکان قارچک بخـۆن، چونکـە پێیوابوو ئـەوە کاریگەری نەرێنی بەسـەر ئامادەباشـی یاریزانەکانی دەبێـت. هـەر یاریزانێکیش سـەرپێچی لە بڕیارەکەی کردبا سزای دەدا.
- دینیس بێرکامپ، یاریزانی بەناوبانگی هۆڵەنـدی، کە وازی لـە یاریکردن هێناوە، زۆر لـە سـواربوونی فرۆکە دەترسـا، بۆیە مەرجی لەسـەر یانـەی ئارسـناڵ دانابوو، لەگـەڵ یانەکـە بە فرۆکە سـەفەر نەکات، بەڵکـو بـە شـەمەندەفەر سـەفەر بـکات، ئەگەر ماوەکە زۆر دوور نەبوو. کە زۆربەی جـار رۆژێک بەر لـە گەشـتی یانەکەی بۆ دەرەوەی لەنـدەن بـە ئۆتۆمبێـل یـان شەمەندەفەر سەفری دەکرد.
- دانیـال پاسـارێلای ڕاهێنـەری بەناوبانگـی ئەرجەنتینـی، کە هەڵبژاردەی سعوودیە ویسـتی بیکاتە ڕاهێنەری خۆی، مەرجی رازیبوونی ئەوەبوو لە شاری دوبەی ئیماراتی نیشـتەجێ بێـت و هەفتانە تەنیا 3 رۆژ لـە مەشـقەکانی تیپەکە ئامادەبێت. بـەڵام یانەکـە ئـەم داوایـەی پاسـارێلای ڕەتکـردەوەو گرێبەسـتی نێوانیـان مـۆر نەکرا.
- ڕاهێنـەری کۆچکـردووی ئەڵمانـی، ئۆدۆ لاتیک سـاڵی 1992 گرێبەسـتەکەی لەگـەڵ یانەی شاڵکەی ئەڵمانی بەمجۆرە بـوو، بـڕی یـەک ملیـۆن و نیـو مارکـی ئەڵمانـی پێبدرێـت، ئەگـەر لـە ڕێزبەندی کۆتایـی خولەکەدا لەپێش یانەی بورۆسـیا دۆرتمۆند بێت، بـەڵام کاتێک تیپەکە یەک هەنگاوی مابوو بەو ئامانجە بگات، ئیدارەی یانەکە ئەو ڕاهێنەرەی لە پۆستەکەی لابرد بـۆ ئەوەی ئەو برە پارەیەی پێنەدات!.

ئینگلیزەکان نایانەوێ پارەی پێبدەن..

# درێسە بەناوبانگەکەی مۆندیالی 1966 کڕیاری نەبوو



رووداوی وەرزشی ـ SPORT

بەشـێوەیەکی پێشـبینی نەکـراو، ئـەو درێسـە بەناوبانگەی هەڵبژاردەی سـێ شێرەکانی ئینگلتەرا، کە خاوەنەکەی تاکە یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا لە یاری فینالی مۆندیالـدا هاتریک تۆماربـکات، هیچ کڕیارێکی نییە، کە ماوەیەکە بۆ فرۆشتن خراوەتە زیادکردنەوە.

هەوڵەکانی فرۆشـتنی ئەو درێسە سوورە شکستی هێنـا، کە یاریزانی پێشـووی هەڵبـژاردەی ئینگلتەرا جیف هۆرسـت، لە یاری کۆتایی بەرامبەر ئەڵمانیای خۆرئـاوا لـە مۆندیالـی 1966 لەبـەری کردبوو، هیچ نرخێـک لـە زیادکردنەکە نەگەیشـتە کەمترین نرخی داواکـراو. خانـەی زیادکردنەکانـی سـۆزبی نرخێکی مەزەندەیـی لەنێوان 300 تاوەکـو 500 هەزار پاوەند دانابوو، بۆ درێسـی هەڵبژاردەی سـێ شـێرەکە، کە ژمارە 10ی لەسـەرە. لەگەڵ درێسـەکە کە وەسـف کرابوو «گرنگترین شـتی پەیوەستە بە یاری کۆتایی مۆندیالی 1966 کە دەستتکەوێ»، وتارێکیشی لەگەڵ نمایش کرابوو، واژووی هۆرسـتی لەسـەرە کە ساڵی 2000 درێسـەکەی فرۆشـتووەتە کۆکەرەوەی شـتە دەگمەنەکان.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەریتانی باس لەوە دەکەن، هۆرست کە ئێستا تەمەنی 74 ساڵانە و تاوەکو ئێستا تاکـە یاریزانـە، لە یاری کۆتایی مۆندیال سـێ گۆڵی تۆمـار کردبێـت، لەوە دەترسـا درێسـەکەی لە ماڵەوە لێ بدزن، بۆیە دەیەوێ بیفرۆشێت.

تاوەکـو ئێسـتا ئـەو نازناوەی بـە بردنـەوەی 4 ـ 2 گۆڵ بەسـەر ئەڵمانیـای خۆرئـاوا بەدیهات، پێش نیو سـەدە تاکە نازناوی ئینگلتەرایە لـە پاڵەوانیەتییـە گەورەکانـدا، کـە ئـەو درێسـە رۆڵی سـەرەکی و هەرە کاریگەری لەو دەسـتکەوتەدا هەبووە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئینگلیزەکان نایانەوێ پارەی پێبدەن.

پیپ بە قەدەخەکردنی پیتزا دەستیپێکرد..

# خواردن هۆکاری ئاستخراپی مانچستەر ستی بوو



«لەماوەدوا کەس بۆی نییە بەبێ فەرمانی گواردیۆلا خۆراک بخوات»

**رووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

رۆژنامەی THE SUNی بەریتانی ئاشکرایکرد کە پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری نوێی یانەی مانچسـتـەر سـتی ئینگلیزی نایەوێ هیچ یاریزانێکـی کێشـی زیـاد بـکات، لەبەرئـەوە فەرمانی بۆ پزیشـکانی تیپەکـەی دەرکـردووە سیسـتمێکی خۆراکی زانسـتی بـۆ یاریزانەکانی دابنێن و لەو بارەوە نووسـیویەتی «نامـەوێ کەس لە یاریزانەکانم قەڵەو بێت».

بەپێـی هەواڵێکـی ئـەو رۆژنامەیـە، گواردیـۆلا یەکێکـە لـەو ڕاهێنەرانـەی بایەخ بـە هەموو گەورە و بچووکێـک دەدات، تەنانەت خواردنـی یاریزانەکانیشـی بەدەسـت خۆی دەبێت، واتە پێویسـتە یاریزانەکانی بەپێی سـیتمێکی خۆراکی زانسـتی خواردنیان بخۆن و لەو بارەوە نووسیویەتی «گواردیۆلا بەرپرسانی یانەی مانچستەر ستی لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە خۆیشی هەموو رۆژێک لەگەڵ یاریزانەکانی نـان دەخـوات، بۆ ئـەوەی کەس سـەرپێچی بڕیارەکـەی نەکات».

هەروەها نووسیویەتی «گواردیۆلا بە چێشتلێنەرانی یانەکەی گوتووە پێتزا بە هەموو شێوەیەک قەدەخەیە، هیچ یاریزانێک بۆی نییە هیچ کاتێک پێتزا بخوات».

بە گوێـرەی THE SUN گواردیۆلا زانیاری ئەوەی پێگەیشـتووە کە پێش هاتنی ئەو یانەی مانچستەر ستی هیچ سیستمێکی خۆراکی نەبـووەو هەر یاریزانێک بە ئـارەزووی خۆی خۆراکی خواردووە، بۆیە هەندێکیان قەڵەو بوونەو هەندێکیش هەر بەو هۆکارەوە تووشی پێکان بوونە.

پیپ گواردیۆلا، بەوە ناسـراوە هەر بڕیارێک دەربکات، پێویسـتە هەموو یاریزانەکانی بە تەواوی پێیەوە پابەندبن، ئەگەرنا رووبەڕووی سزایەکی قورس دەبنەوە.

## بەرەکەتە



وادیارە بۆرۆی 2016 لە هەموو ڕوویێکەوە بۆ کریس کۆلمانی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی وێڵز بووەتە خێر و بەرەکەت، چونکە بێجگە لەوەی ناوبانگێکی زۆری دەرکرد بەهۆی گەیاندنی هەڵبژاردەکەی بۆ چوارگۆشەی زێڕینی پاڵەوانیەتییەکە، ئەو دەستکەوتە وای لە ژنە تەڵاقدراوەکەی کرد هەوڵ بۆ بەدەستهێنانەوەی خۆشەویستی مێردە کۆنەکەی بدات. ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی ئاشکرایکرد «بیلیندای کۆنە ژنەکەی کۆلمان نامەیەکی پیرۆزبایی بۆی ناردووە بەبۆنەی دەستکەوتەکەی یۆرۆ، بەڵام بێگومان مەبەستی گەڕاندنەوەو بەدەستهێنانەوەی خۆشەویستی کۆلمانە».



ڕێبوار محەممەد

# ئەوەی ڕوودەدات و ئاگامان لێی نییە

لایەنگری یەکسانیی لەسەدا سەدی نێوان کوڕان و کچانم و بە هیچ کلۆجیک ناتوانم خۆم بەوە ڕازی بکەم دەبێ جیاوازی بکرێت.

لەگەڵ هەموو دادپەروەرییە داواکراوەکانی فیمینێزمدام و پێموایە ئەوەی بۆ کوڕان هەیە، دەبێ کچانیش هەیان بێت، هەر لەبەرئەوە هەموو هەوڵێک بۆ یەکسانکردنەوەی ئەو مافانە لام پەسندەو دڵخۆشم دەکات.

لە دهۆکم بۆ ئامادەبوون لە ڕووداوێکدا کە پێموایە یەک لە هەوڵە نایابەکانە بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی بۆ ئافرەتان.

یانەی زێرەڤانی بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ میوانداری خولی نایابی ئافرەتانی عێراق دەکات لە یاریگەی گەورەدا و بڕیارە سبەی نازناوەکە بچێتە لای کچانی زێرەڤانی یان گازی باکوور.

دەبێ بڵێم پاڵەوانیەتییەکە لە ئاستێکی باشدا بەڕێوەدەچێت، خۆی بۆخۆی هاتنی ئافرەتان و یاریکردنیان لە یاریگەی گەورەدا و شکاندنی تەوقی بەندکردن لە ماڵ و قەدەخەکردن و ڕێگری لەوەی ئافرەتان لە یاریگەی گەورەدا دەربکەون، هەنگاوێکی مەزنە.

لەو چوار یانەیەدا کە لە خولەکە بەشدارن، یاریزانی ئاست بەرز و کچانی ئازا و خاوەن بەهرە دەبینین، ئەو کچانەی هاوشێوەی کوڕان لە تۆپی پێ دەگەن و ئەنجامی دەدەن بە سەربەستانە. بۆ ئافرەتی کورد کە تا ئێستاش هەندێکیان ڕقیان لە تۆپی پێیە و لە داخی مێردەکانیان قێزیان لەو یارییە دەبێتەوە، هاتنی ئافرەتان بۆ یاریکردن و بوونی هاندەرانی هەردوو ڕەگەز لە نێو پەیژەکانی یاریگەوە هەنگاوی گەورە و دڵخۆشکەرن. پاڵەوانیەتییەکە ڕکابەری بەهێزی تێدا بەدیدەکرێت، هونەری باش و گۆڵی جوان و جۆش و خرۆشی سەرکەوتن و حەز و پاڵنەری بردنەوە و ئاهەنگگێڕان و زۆر شتی دیکەش.

ئافرەتانی زێرەڤانی کە ساڵانێکە لەلایەن یانەکەیانەوە پەروردە و پشتگیری دەکرێن، لایەنێکی یاری کۆتایین، ئەوان هێشتا کرۆکی یانەیەکی بەهێزی تۆپی پێی ئافرەتانن لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش.

ئافرەتانی گازی باکوور کە زۆرترین دڵخۆشییان بە گەیشتنە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە دەربڕی، جێگەی سەرنج بوون.

ئەوان بە پاڵپشتی یاریزانە پیشەگەرەکانیان کە لە ئێرانەوە هاتوون، یارییەکی ئاستبەرزیان بەرامبەر کچانی جەوییە پێشکەشکرد و کاتێک سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، چەندین کاژێر دوای یارییەکە ئەوان هەر لە ئاهەنگ و خۆشی دەربڕیندا بوون.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، گەیشتنی دوو یانەی کوردستانییە بە کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە.

یانەیەک خۆی سەرپەرشتی و ڕێکخەرە و یانەیەکی دیکەش لە شارێکەوە هاتووە، پڕ ململانێترین شاری ئێتنییە لەو عێراقە هەڵوەشاوەیەدا کە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە. جۆش و خرۆش و گەرموگوڕی خانمەکانی کەرکووک و دهۆک بۆ بەدەستهێنانی نازناوی یەکەم پاڵەوانیەتیی تۆپی پێی ئافرەتان لە یاریگەی گەورەدا، مەشق و خۆ ڕاهێنان لەسەر تەکتیک و پلان لە یاریگەدا و خوێندنەوەی تیپی بەرامبەر، ئەمانە هەموویان دیمەنی هەستپێکراوی پاڵەوانیەتییەکەن، بەڵام گرنگ بەردەوام بوونە.

کەم نین هەنگاوە باشەکان، بە ئاراستەی پێشکەوتن و داهێنان لە کوردستاندا، بەڵام زۆر نین ئەو هەنگاوە سەرەتاییانەی کە هەنگاوی دووەم و سێیەمیان بەدوادا دێت و دەگەنە ئەنجام.

ئەگەر ئەم خولە سەرەتای هەنگاوێکی مەزن بێت، بەردەوامبوون و مانەوەی مەزنتر دەبێت، ئەوەش کارێکە ساڵانێکی زۆرە فیفا هەوڵی بۆ دەدات و دەیەوێ تۆپی پێ ئافرەتان لە ڕووی کوالیتییەوە بەرز بکاتەوە.

دوا قسەم ئەوەیە کە دەرکەوتنی خانمانمان، کچان و ئافرەتانمان لە یاریگەی گەورەدا چەندە مایەی دڵخۆشییە، ئەوەندەش زیاتر پێویستی بە دەستگیرۆیی و هاندان هەیە، لە بیرتان نەچێت لەوانەیە خانمێکی ئەو تیپانەی ئێمە، مارتا یان کارلی لوید یاخود ساچای ئەڵمانی یان میامای ژاپۆنی لێدەربچێت. دەکرێ خەونی گەورە ببینین بۆ ئەوەی ئەنجامی گەورە بەدەستبێنین.

### بەهۆی ڕیزبەندی فیفاوە..

# کۆنتی 500 هەزار یۆرۆی لەدەستچوو



ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT

هاتنی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە پلەی دەیەم لە پۆلینی فیفا، کە لە مانگی حوزەیران دەرچووە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەنتۆنی کۆنتی ڕاهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئازوری، لە پاداشتێک بێبەش بێت کە بڕەکەی 500 هەزار یۆرۆیە.

لەو ڕیزبەندەی فیفا ڕایگەیاندووە، ئیتاڵیا لە پلەی دەیەم هاتووە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەدوای بەرازیل کە لە پلەی نۆیەم هاتووە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کۆنتی نیو ملیۆن یۆرۆی دەست نەکەوێ، کە لە دەقی ڕێککەوتنی لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی ئیتاڵیا لەسەری ڕێکەوتبوون. لەو بڕگەیەی ڕێککەوتنەکەدا هاتبوو «کۆنتی ئەو بڕە پارەیەی پێدەدرێت، ئەگەر بتوانێت شوێنی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا پێنج پلە لە پۆلینی فیفا بەرز بکاتەوە، لەو کاتەی ئەرکی ڕاهێنەریەتی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا وەردەگرێت.

ئەنتۆنی کۆنتی، ساڵی 2014 ئەرکی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئیتاڵیای وەرگرت، ئەوکات ئیتاڵیا لە پلەی 14 بوو لە پۆلینی فیفا، توانی پێش ئەوەی بڕوات وا لە ئیتاڵیا بکات 4 پلە سەرکەوێت، نەوەک 4 پلە لە پۆلینەکە و لە پلەی دەیەم بێت، پلەی نۆیەمی بۆ بەرازیل جێهێشت، واتە یەک پلە کۆنتی لەو پاداشتەی بێبەش کرد، کە ئێستا وازی لەو هەڵبژاردەیە هێناوە مەشقەکانی یانەی چێڵسی ئینگلیزی وەرگرتووە.

پێشبڕکێ



## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

تۆفیق ڕەحیم لە سلێمانی

بە لێدوانی:

( ئەمساڵ بەس پێڵاوی ئاڵتوونیم لەدەستداوە )

## LOTTO 4 — پەنجاهەمین پێشبڕکێ

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (408) سێشەممە 2016/7/19

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(ڕووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net
(ڕووداوی وەرزشی) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەردەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
ڕووداو هەمووان گەنجتر دەکاتەوە